# کاری (( بیەی= بوون )) لە زاری هەورامیدا

د.فەرەیدون عەبدول
بەشی زمانی کوردی- کۆلێجی زمان
زانکۆی سلێمانی

سەرەتا: کاری (بیەی =بوون) لە ئاخاوتنی زاری هەورامیدا لە چوار جۆر بەکارهێناندا و بە چوار مەبەستی جیاجیا دەبینرێت. لەهەر بەکارهێنانێکیشدا ، دەستەیەك جێناوی لکاو ، وەك مۆرفیمی بەشدار بوو لە داڕشتنی کارەکەدا دەردەکەوێت. لەبەر ئەوەی لەو چەند سەرچاوە کەمەدا کە دەربارەی زاری هەورامی نوسراون ،بەتەواوی و لە هەموو ڕوویەکەوە بەکار هێنانی ئەم کارە ، ڕوون نەکراوەتەوە . بۆیە بە پێویستم زانی کە ئەم باسە تەرخان بکەم بۆ ڕوون کردنەوەی داڕشتن و بەکارهێنانی کاری
(( بیەی )) لە زاری هەورامیدا.

سنووری باسەکە :

باسەکە لە ناو چوار چێوەی سنووری ئاخاوتنی زاری هەورامیی (لهۆن) دایە ، کە هەموو هەورامانی کوردستانی عێراق و ناوچەی نەوسوود لە کوردستانی ئێران دەگرێتەوە .

سەرچاوەکانی باسەکە :

لەبەر ئەوەی سەرچاوە نەك هەر بۆ ئەم باسە، بەڵکو بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر زاری هەورامی بەگشتی کەمە ، بۆیە زیاتر سوودمان لەکاری مەیدانی خۆمان وەرگرتووە و ئەو ڕستە و کارانەی کەلەم باسەدا بەکارهاتوون ، لەگەڵ قسە پێکەرانی زارەکەدا ، تاقیکراونەتەوە.

جۆرەکانی کاری (( بیەی= بوون )) لە زاری هەورامیدا :

بەگشتی دەتوانین چوار جۆر بەکارهێنانی ئەم کارە جیا بکەینەوە:

(١) بوونی بوونایەتی ((کینونە)):

(٢) بوونی گۆڕان ((صیرورە)):

(٣) بوونی هەبوون ((تملك)):

(٤) بوونی هەیی ((وجود)):

(٥) هەر یەکێك لەم کارانە بەپێی تایبەتێتی خۆی دەستەیەك جێناوی لکاو، لەو پێنج دەستەیەی لەزاری هەورامیدا بەکاردێن، هەڵدەبژێرێت و جێناوە لکاوەکەش وەك مۆرفیمێکی هاوبەش لە داڕشتنی کارەکەدا بەشداری دەکات .

جێناوە لکاوەکانیش لەم زارەدا ئەمانەی خوارەوەن:(١)

| کەس | دەستەی یەکەم | | دەستەی دووەم | | دەستەی سێیەم | | دەستەی چوارەم | | دەستەی پێنجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | تاک | کۆ | تاک | کۆ | تاک | کۆ | تاک | کۆ | تاک | کۆ |
| یەکەم | م | ما | نیْ | نمیْ | ا/نیْ،/انیْ | یمیْ | ا | میْ | وو/و | میْ/یمیْ |
| دووەم | ت | تا | نی | ندیْ | ی | یدیْ | ی | دیْ | ی | دیْ/یدیْ |
| سێیەم | ش | شا | Ø | نیْ | Ø | یْ | Ø | یْ | و | ا |

١-بوونی بوونایەنی(٢) : ئەم جۆرە بەکارهێنانەی کاری (( بیەی- بوون )) بۆ سێ کاتی جیاواز ڕۆدەنرێت و لەبەر ئەوەی وەك کارێکی ناتەواو دەردەکەوێت ، پێویستی بە تەواوکەرێك دەبێت ، کە وەا گرێیەکی ناوی لە پێش کارەکەوە دێت . بەو پێیە لە ڕووی کاتەوە ئەم جۆرانەی خوارەوە جیا دەکەینەوە:

یەکەم : بۆ ئێستا ، لەم شێوەیەدا جگە لە تەواوکەر و بنکەی کاری (بیەی) کە مۆرفیمی (ن)ە(٣) ڕاناوێکی لکاو لەدەستەی چوارەم و مۆرفیمی ( یْ ) ی کۆ ، لە دوای تەواو کەرەوە ، لە داڕشتنی کارەکەدا ، بۆ کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی کۆ ، بەشداری داڕشتنەکە دەکەن. بڕوانە یاسای ژمارە(١):

کاری بوونی بوونایەتی بۆ ئێستا ⟵ تەواوکەر+بنکەی کار بۆ ئێستا (ن) + { ا-میْ / ی-دیْ / Ø-یْ }

یاسای ژمارە (١)

بۆ نموونە:

من زانانا . ﴿زانا+ن+ا﴾ (من زانام).

تو زانانی. ﴿زانا+ن+ی﴾ (تۆ زانایت).

ئاد زانان. ﴿زانا+ن+Ø﴾

ئادە زانانە . ﴿زانا+ن+Ø +ە ( مۆرفیمیتاکی میْ )﴾ (ئەو زانایە).

ئێمە زانێنمیْ(٤) . ﴿زانا+یْ +ن+میْ﴾ (ئێمە زاناین).

شمە زانێندیْ ﴿زانا +یْ+ن+دیْ﴾ (ئێوە زانان).

ئادیْ زانێنیْ . ﴿زانا+یْ+ن+یْ﴾ (ئەوان زانان).

لەو ڕستانەی سەرەوەدا تەواوکەری کارەکە بە دەنگێکی بزوێن کۆتایی هاتووە ، ئەگەر بە نەبزوێن کۆتایی بێت، تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا ،بۆ نێر ، گۆڕان ڕوودەدات، چونکە بنکەی کاری (بیەی)کە مۆرفیمی (ن)ە تیا دەچێت و مۆرفیمی (ا) دەچێتە جێی. هەروەها لەدوای تەواوکەرەوە دەنگی (ە) بۆ ئاسانی گۆ کردنی داڕشتنەکە لە داڕشتنی کارەکەدا بۆ کەسە تاکەکان دەردەکەوێت. بەڵام لە داڕشتنی کارەکەدا بۆ کەسە کۆکان (ە)دەبێت بە (یْ) کە مۆرفیمی کۆیە. وەك :


من زیرەکەنا. (من زیرەکم.) ئێمە زیرەکێنمیْ . (ئێمە زیرەکین) .

من زیرەکەنی . (تۆ زیرەکیت .) شمە زیرەکێندیْ . (ئێوە زیرەکن) .

ئاد زیرەکا .

ئادە زیرەکەنە (ئەو زیرەکە.) ئادی زیرەکێنیْ . (ئەوان زیرەکن ).

دووەم: بۆ ڕابردوو: لە داڕشتنی کاری (بیەی)دا بۆ کاتی ڕابردوو ، جگە لە تەواوکەری کارەکە ئەگەر بکەری ڕستە، تاکی نێر بوو، مۆرفیمی سفر (Ø ) و ئەگەرتاکی مێبوو، مۆرفیمی (ە) دادەنرێت .ئەگەر کۆ بوو بۆ نێرومێ ، مۆرفیمی (یْ ) ی کۆ دەردەکەوێت.دوای ئەو مۆرفیمانە بناغەی کاری بیەی ،((بیْ )) و جێناوێك لەدەستەی دووەم ، بەپێی کەس و ژمارەی بکەری ڕستە ، بەشداری لە داڕشتنی کارەکەدا دەکەن. بڕوانە یاسای ژمارە ((٢)).



یاسای ژمارە ((٢))

بۆ نموونە:

من زیرەك بینیْ . ﴿ زیرەك +Ø + بیْ+نیْ ﴿

من زیرەکە بینیْ . ﴿ زیرەك +ە + بیْ+نیْ ﴿ (من زیرەك بووم )

تو زیرەك بینی. ﴿ زیرەك+Ø + بیْ+نیْ﴿

تو زیرەکە بینی . ﴿ زیرەك + ە+بیْ+نیْ﴿ (تۆ زیرەك بوویت )

ئاد زیرەك بیْ Ø. ﴿ زیرەك+Ø + بیْ+Ø ﴿

ئادە زیرەکە بیْ Ø. ﴿ زیرەك + ە+ بیْ+Ø ﴿ (ئەو زیرەك بوو)

ئێمە زیرەکیْ بینمیْ . ﴿ زیرەك + یْ + بیْ+نمیْ ﴿ (ئێمە زیرەك بووین)

شمە زیرەکیْ بیندیْ .﴿ زیرەك + یْ + بیْ+ ندیْ﴿ (ئێوە زیرەك بوون)

ئادی زیرەکیْ بینیْ . ﴿ زیرەك + یْ + بیْ+نیْ﴿ (ئەوان زیرەك بوون)

سێیەم: بۆ داهاتوو: لەم داڕشتنەی کاری (بیەی)دا ،جگە لە تەواوکەر ، ئەگەر بکەر تاکی نێر بوو،مۆرفیمی سفر (Ø) و ئەگەر بکەر تاکی مێ بوو مۆرفیمی (ە) دەلکێنرێت بە تەواوکەرەوە .ئەگەر بکەر کۆ بوو ، مۆرفیمی (یْ)لەدوای تەواوکەرەوە دادەنرێت . دوای ئەوانیش ، ڕەگی کاری ((بیەی)) کە مۆرفیمی (ب)ە ، لەگەڵ جێناوێك لە دەستەی پێنجەم بەشداری لە داڕشتنەکەدا دەکەن.بڕوانە یاسای ژمارە(( ٣)).

كاری بوونی بوونایەتی ⟵ تەواوکەر + ە / یْ / Ø + ب + { وو– یمیْ ، ی –یدیْ ، و– ا }

بۆ داهاتوو

یاسای ژمارە (( ٣))

بۆ نمونە:

| | | |
|---|---|---|
| من زیرەك بوو. | ﴿ زیرەك + Ø +ب+وو ﴾ | |
| من زیرەکە بوو. | ﴿ زیرەك + ە +ب + وو ﴾ | ( من زیرەك دەبم ). |
| تو زیرەك بی. | ﴿ زیرەك +Ø +ب + ی ﴾ | |
| تو زیرەکە بی . | ﴿ زیرەك + ە +ب +ی ﴾ | (تۆ زیرەك دەبیت ). |
| ئاد زیرەك بو. | ﴿ زیرەك +Ø + ب + و ﴾ | |
| ئادە زیرەکە بو. | ﴿ زیرەك + ە +ب +و ﴾ | (ئەو زیرەك دەبێت). |
| ئێمەزیرەکیْ بیمیْ . | ﴿ زیرەك + یْ+ب +یمیْ ﴾ | ( ئێمە زیرەك دەبین. ) |
| شمە زیرەکیْ بیدیْ . | ﴿ زیرەك + یْ+ب +یدیْ ﴾ | (ئێوە زیرەك دەبن .) |
| ئادی زیرەکیْ با . | ﴿ زیرەك + یْ+ب +ا ﴾ | (ئەوان زیرەك دەبن .) |

٢- بوونی گۆڕان(صیرورة): ئەم جۆرەی کاری ((بیەی )) لەزاری هەورامیدا ،لە ڕووی کاتەوە بۆ ڕابردوو و ڕانەبردوو، هەروەها کاری فەرمانیش دادەڕێژێت و لەهەموو داڕشتنەکاندا پێویستی بە تەواوکەرێك دەبێت کە دەکەوێتە دوای کارەکەوە وەك لەخوارەوە ڕوونی دەکەینەوە:

یەکەم/ کاری ڕابردووی ((بیەی)) بۆ گۆڕان : جگە لە بناغەی کار (بی) و تەواوکەرێك مۆرفیمی (ە) بۆ تاکی نێرو (یْ) بۆ تاکی مێ و کۆ و بنکەی کاری ((بیەی))، کە مۆرفیمی ((ن))ە و بۆ ئێستای کاری بوونی بوونایەتی پێشتر بەکارمان هێنا، لەگەڵ جێناوێکی لکاو لە دەستەی چوارەم بەشداری لە داڕشتنەکەدا دەکەن.جێگای سەرنجە کە بڵێین تەواوکەری کارەکە کە لەدواوە دێت ،ئەگەر بۆ تاکی نێر بوو مۆرفیمی سفر (( Ø)) و بۆ تاکی مێ مۆرفیمی ((ە)) وەردەگرێت. بەلام ئەگەر بکەری ڕستەکە بوو بە کۆ ،ئەوا تەواوکەرەکەش بەهۆی سەربارکردنی مۆرفیمی (یْ)ی کۆ دەچێتە داڕشتنی کۆوە. بڕوانە یاسای ژمارە ((٤)) .

نیشانەی تاکی مێ و کۆ    ا- مێ    ئەگەربکەر تاکی نێر بوو
کاری بوونی گۆڕان بۆ ڕابردوو    بی + ە/ی + ن + { ا- مێ / ی-دێ / Ø -ی } + تەواوکەر + Ø/ ە/ی
نیشانەی تاکی نێر    ئەگەربکەر تاکی مێ بوو

یاسای ژمارە ((٤))

بۆ نموونە:

من بیەنا (بە) هیتیار. ﴿ بی + ە + ن +ا +هیتیار ﴾ ((من بووم بە جوتیار.-بۆ نێر))

من بیێنا (بە) هیتیارە. ﴿ بی + ی + ن + ا +هیتیار ﴾ ((من بووم بە جوتیار . -بۆ مێ))

تو بیەنی (بە) هیتیار. ﴿ بی + ە + ن + ی + هیتیار ﴾ ((تۆ بوویت بە جوتیار.-بۆ نێر))

تو بیێنی (بە) هیتیارە. ﴿ بی + ی + ن + ی +هیتیار ﴾ ((تۆ بوویت بە جوتیار.-بۆ مێ))

ئاد بیەن Ø (بە ) هیتیار. ﴿ بی + ە + ن + Ø + هیتیار ﴾ ((ئەو بوو بە جوتیار.- بۆ نێر))

ئادە بیێنە (بە ) هیتیارە. ﴿ بی +ی + ن + Ø + ە +هیتیار + ە ﴾ ((ئەو بوو بە جوتیار.- بۆ مێ))

ئێمە بیێنمی (بە ) هیتیاری. ﴿ بی + ی + ن + مێ +هیتیار + ی ﴾ ((ئێمە بووین بە جوتیار.))

شمە بیێندی (بە ) هیتیاری. ﴿ بی + ی + ن + دێ + هیتیار + ی ﴾ ((ئێوە بوون بە جوتیار.))

ئادی بیێنی (بە ) هیتیاری. ﴿ بی + ی + ن + ی + هیتیار + ی ﴾ ((ئەوان بوون بە جوتیار.))

لەو ڕستانەی سەرەوەدا دەشێت پرێپۆزیشنی ((بە)) لەپێش تەواوکەرەوە دانەنرێت. هەروەها وەك لەداڕشتنی کارەکەدا ، بۆ کەسی سێیەمی تاکی مێ دەبینرێت، مۆرفیمی ((ە))لەسەر کۆتایی داڕشتنی کارەکە دەردەکەوێت.

دووەم/ کاری ڕانەبردووی (بیەی) بۆ گۆڕان: لەم داڕشتنەدا ڕەگی ((بیەی)) کە مۆرفیمی(ب)ە ، لەگەڵ جێناوێکی لکاو لەدەستەی پێنجەم و تەواوکەرێك بەشداری دەکەن . تەواوکەرەکەش ،بەپێی بکەری ڕستەکە ، مۆرفیمی ( Ø)بۆ تاکی نێرو (ە) بۆ تاکی مێو (ی)بۆ کۆی دەچێتە سەر .بڕوانە یاسای ژمارە (( ٥)).

کاری ڕانەبردووی (بیەی) بۆ گۆڕان ← ب(ڕەگی کار) + { وو-یمێ / ی-یدێ / و-ا } + تەواوکەر+ { (Ø) بۆ بکەری تاکی نێر / (ە) بۆ بکەری تاکی مێ / ( ی) بۆ بکەری کۆ }

یاسای ژمارە ((٥))

بۆ نموونە :

| | | |
|---|---|---|
| من بوو (بە) هیتیار. | ﴾ب + وو + هیتیار﴿ | ((من دەبم جوتیار. ⟵ بۆ نێر.)) |
| من بوو (بە) هیتیارە. | ﴾ب + وو + هیتیار + ە﴿ | ((من دەبم بە جوتیار. ⟵ بۆ مێ.)) |
| تو بی (بە) هیتیار. | ﴾ب + ی + هیتیار﴿ | ((تۆ دەبیت بە جوتیار. ⟵ بۆ نێر.)) |
| تو بی(بە) هیتیارە. | ﴾ب + ی + هیتیار + ە﴿ | ((تۆ دەبیت بە جوتیار ⟵ بۆ مێ.)) |
| ئادَ بو (بە ) هیتیار. | ﴾ب + و + هیتیار﴿ | ((ئەو بوو بە جوتیار. ⟵ بۆ نێر.)) |
| ئادە بو (بە ) هیتیارە. | ﴾ب + و + هیتیار + ە﴿ | ((ئەو بوو بە جوتیار. ⟵ بۆ مێ.)) |
| ئیمە بیمیْ (بە ) هیتیاریْ. | ﴾ب + یمیْ + هیتیار + یْ﴿ | ((ئێمە دەبین بە جوتیار.)) |
| شمە بیدیْ (بە ) هیتیاریْ. | ﴾ب + یدیْ + هیتیار + یْ﴿ | ((ئێوە دەبن بە جوتیار.)) |
| ئادَی بانیْ (بە ) هیتیاریْ. | ﴾ب + انیْ + هیتیار + یْ﴿ | ((ئەوان بوون بە جوتیار.)) |

پێویستە دەربارەی بەکارهێنانی ئەم کارە چەند خاڵێك ڕوون بکەینەوە:

١- دەتوانین بۆ نزیك کردنەوەی ڕوودانی کارەکە مۆرفیمی ((نە)) لەدوای جێناوە لکاوەکەوە بەکاربهێنین[٥] . تەنیا بۆ کەسی سێیەمی کۆ نەبێت ،کە بەکارنایەت. بۆ نموونە:

من بوونە (بە) هیتیار /هیتیارە.

تو بینە (بە) هیتیار / هیتیارە .

ئاد /ئادە بونە (بە ) هیتیار / هیتیارە .

ئیمە بیمینە (بە ) هیتیاریْ.

شمە بیدینە (بە ) هیتیاریْ.

ئادی بانینە (بە ) هیتیاریْ.

٢-دەشێت پریپۆزیشنی ((بە))بەکارنەهێنین.

٣-بۆ کەسی سێیەمی کۆ ((بانیْ)) دەگوترێت ،واتە جێناوی لکاو ،کە خۆی لەبنەڕەتدا مۆرفیمی ((ا))یە، بووە بە ((انیْ)).

سێیەم/کاری فەرمانی ((بیەی)) بۆ گۆڕان: بۆ ڕۆنانی ئەم جۆرە کارە ڕەگی ((بیەی)) کە مۆرفیمی (ب)ە و جێناوێکی لکاو (ە) بۆ کەسی دووەمی تاك و (دیْ/یدیْ) بۆ کەسی دووەمی کۆ دەلکێنین بە ڕەگەکەوە.هەروەها پریپۆزیشنی (بە) و تەواوکەرێك بەشداری لە داڕشتنەکەدا دەکەن.بەپێی بکەری ڕستەش ، بۆ تاکی نێر ، مۆرفیمی(Ø) و بۆ تاکی مێ مۆرفیمی (ە) و بۆ کۆ مۆرفیمی (یْ) ،دەلکێنرێت بە تەواوکەرەکەوە.بڕوانە یاسای ژمارە ((٦)).

| | | |
|---|---|---|
| کاری فەرمان بیەی بۆ گۆڕان ←ڕەگ(ب) + بۆ کاری فەرمانی + بە + تەواوکەر+ | جێناوی لکاو<br>(ە–دی/یدی) | (Ø) بۆ بکەری تاکی نێر<br>(ە) بۆ بکەری تاکی مێ<br>(ی) بۆ بکەری کۆ |

یاسای ژمارە ((٦))

بۆ نموونە:

(تو) بە بە ئەندازیار. ﴿ ب + ە + بە + ئەندازیار ﴾ (تۆ ببە بە ئەندازیار . بۆ نێر )

(تو) بە بە ئەندازیارە. ﴿ ب + ە + بە + ئەندازیار + ە ﴾ (تۆ ببە بە ئەندازیار . بۆ مێ )

(شمە) بیدێ بە ئەندازیاری . ﴿ ب + یدێ + بە + ئەندازیار + ی ﴾ (ئێوە ببن بە ئەندازیار .بۆ کۆ )

٣)بوونی هەبوون یان خاوەنێتی[٦](تملك): کاری ((بیەی)) بەمەبەستی هەبوون لە زاری هەورامیدا شێوەیەکی ناوێزە وەردەگرێت ، چونکە بۆ ئێستا و ڕابردوو داهاتوو لە کاتی داڕشتن دا ،هەر یەك دەستە جێناوی لکاو وەردەگرێت کە دەستەی یەکەمە ، بەڵام بنکە ، یان ڕەگی کاری ((بیەی))، لەو سێ جۆرە داڕشتنەدا بە شێوەی جیاواز دەردەکەون . جێناوی لکاویش دەچێتە سەر تەواوکەری کارەکە . وەك لە خوارەوە ڕوونیان دەکەینەوە:

یەکەم /کاری ئێستای ((بیەی)) بۆ هەبوون: ئەم کارە بە هۆی تەواوکەر و جێناوێکی لکاوی دەستەی یەکەم و بنکە ، یان ڕەگی ئێستای ((بیەی))یەوە، کە مۆرفیمی ((هەن))ە ، دادەڕێژرێت . بڕوانە یاسای ژمارە ((٧)).

| | | |
|---|---|---|
| کاری ئێستای<br>((بیەی))بۆ هەبوون ← تەواوکەر + | م–ما<br>ت–تا<br>ش–شا | + ڕەگی ئێستای بیەی بۆهەبوون ((هەن)) |

یاسای ژمارە ((٧))

بۆ نموونە:

من زەڕم هەن. ﴿ زەڕ + م + هەن ﴾ (من پارەم هەیە.)

تو زەڕت هەن. ﴿ زەڕ + ت + هەن ﴾ (تۆ پارەت هەیە.)

ئاڵ / ئاڵە زەڕش هەن.﴿ زەڕ + ش + هەن ﴾ (ئەو پارەی هەیە.)
ئێمە زەڕما هەن. ﴿ زەڕ + ما + هەن ﴾ (ئێمە پارەمان هەیە.)
شمە زەڕتا هەن. ﴿ زەڕ + تا + هەن ﴾ (ئێوە پارەتان هەیە.)
ئاڵیْ زەڕشا هەن. ﴿ زەڕ + شا + هەن ﴾ (ئەوان پارەیان هەیە.)

لەم جۆرە داڕشتنەی کاری ((بیەی)) دا تەواوکەر بەپیٚی کەس و ژمارەی خۆی جێناوێکی لکاو لە دەستەی چوارەم دەبەخشێت بە کۆتایی ڕەگی کارەکە. لەو نموونانەی سەرەوەدا تەواوکەر کەسی سیٚیەمی تاکە بۆیە هیچ مۆرفیمێك لەسەر کارەکەدا دەرنەکەوتووە. بەڵام لەم نموونانەی خوارەوەدا جێناوە لکاوەکانی دەستەی چوارەم دەوری ئاماژەکردنەوە بۆ تەواوکەری کارەکە دەبینن:[٧]

ئاڵ منش هەنا . (( ئەو منی هەیە. )) ئاڵ (من)ش هەن ا.
ئاڵ توش هەنی . (( ئەو تۆی هەیە. )) ئاڵ (تو)ش هەن ی.
ئاڵ ئاڵش هەن . ((ئەو ئەوی هەیە. )) ئاڵ (ئاڵ)ش هەن Ø.
ئاڵ ئێمەش هەن . ((ئەو ئێمەی هەیە. )) ئاڵ (ئێمە)ش هەن میْ.
ئاڵ شمەش هەندیْ . (( ئەو ئێوەی هەیە. )) ئاڵ (شمە)ش هەن دیْ.
ئاڵ ئاڵیش هەنیْ . ((ئەو ئێوەی هەیە. )) ئاڵ (ئاڵیْ)ش هەن یْ.

لەم بەکارهێنانەی کاری ((بیەی))دا ، تەنیا لە کاتێکدا کە تەواوکەر کەسی سێیەمی تاك بێت ، بۆ نێر مۆرفیمی ((Ø)) و بۆ مێ ،مۆرفیمی ((ە)) ،وەك نیشانەی نێرو مێ وەردەگرێت. وەك:
من ئادم هەن .
من ئادەم هەنە .
من پرتەقالیوم هەن . ((من پرتەقاڵێکم هەیە)) -پرتەقاڵ نێرە .
من ساوێوەم هەنە . (( من سێوێکم هەیە )) – سێو مێیە.

دووەم / کاری ڕابردووی ((بیەی)) بۆ هەبوون: بنکەی ئەم جۆرە کارە مۆرفیمی ((بیْ))یە ، کە بەهاوکاری تەواوکەرێك و ڕاناوێکی لکاو لە دەستەی یەکەم ،پێك دێت.بڕوانە یاسای ژمارە ((٨)).

کاری ڕابردووی ((بیەی))بۆ هەبوون ⟵ تەواوکەر + { م-ما / ت-تا / ش-شا } + بیْ

**یاسای ژمارە ((٨))**

بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| من زەڕم بیْ . | ﴿ زەڕ + م + بیْ ﴾ | (من پارەم هەبوو.) |
| تو زەڕت بیْ . | ﴿ زەڕ + ت + بیْ ﴾ | (تۆ پارەت هەبوو.) |
| ئاد / ئادە زەڕش بیْ . | ﴿ زەڕ + ش + بیْ ﴾ | (ئەو پارەی هەبوو.) |
| ئێمە زەڕما بیْ . | ﴿ زەڕ + ما + بیْ ﴾ | (ئێمە پارەمان هەبوو.) |
| شمە زەڕتا بیْ . | ﴿ زەڕ + تا + بیْ ﴾ | (ئێوە پارەتان هەبوو.) |
| ئادی زەڕشا بیْ . | ﴿ زەڕ + شا + بیْ ﴾ | (ئەوان پارەیان هەبوو.) |

لەم جۆرە بەکارهێنانشدا تەواوکەری کارەکە جێناوێکی لکاو ، لەدەستەی دووەم ، بەپێی کەس و ژمارەی خۆی دەبەخشێت بە کۆتایی کارەکە . وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.[٨]

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئاد منش بێنیْ . | ( ئەو منی هەبوو. ) | ئاد (من) ش | (بیْ) | نیْ . |
| ئاد توش بێنی . | ( ئەو تۆی هەبوو. ) | ئاد (تو) ش | (بیْ) | نی. |
| ئاد ئادش بیْ ø . | ( ئەو ئەوی هەبوو. ) | ئاد (ئاد) ش | (بیْ) | .ø |
| ئاد ئێمە ش بێنمیْ . | ( ئەو ئێمەی هەبوو. ) | ئاد (ئێمە)ش | (بیْ) | نمیْ . |
| ئاد شمەش بێندیْ . | ( ئەو ئێوەی هەبوو. ) | ئاد (شمە)ش | (بیْ) | ندیْ . |
| ئاد ئادیش بێنیْ . | ( ئەو ئەوانی هەبوو. ) | ئاد (ئادی)ش | (بیْ) | نیْ . |

سێیەم/ کاری داهاتووی (بیەی) بۆ هەبوون: بنکەی کارەکە مۆرفیمی ((بو))وەکە لەگەڵ تەواوکەر و جێناوێکی لکاودا داڕشتنی کارەکە تەواو دەکەن . بڕوانە یاسای ژمارە ((٩)).

کاری داهاتووی ((بیەی))بۆ هەبوون ←—— تەواوکەر + { م–ما / ت–تا / ش–شا } + بو

یاسای ژمارە ((٩))

بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| من زەڕم بو. | ﴿ زەڕ + م + بو ﴾ | ((من پارەم دەبێت.)) |
| تو زەڕت بو. | ﴿ زەڕ + ت + بو ﴾ | ((تۆ پارەت دەبێت.)) |
| ئاد / ئادە زەڕش بو. | ﴿ زەڕ + ش + بو ﴾ | ((ئەو پارەی دەبێت.)) |
| ئێمە زەڕما بو. | ﴿ زەڕ + ما + بو ﴾ | ((ئێمە پارەمان دەبێت.)) |
| شمە زەڕتا بو. | ﴿ زەڕ + تا + بو ﴾ | ((ئێوە پارەتان دەبێت.)) |
| ئادێ زەڕشا بو. | ﴿ زەڕ + شا + بو ﴾ | ((ئەوان پارەیان دەبێت.)) |

ئەگەر مۆرفیمی ((نە)) لە کۆتایی بنکەی کارەکەدا ((بو)) دابنێین ،کارەکە دەبێتە داهاتووی نزیك:

من زەڕم بونە . ((من پارەم دەبێت–لە داهاتوویەکی نزیکدا .))

ئێمە زەڕما بونە ... هتد

٤– بوونی هەیی (وجود) :ئەم جۆرە کارەی ((بیەی)) پێویستی بە تەواوکەر نییە. تەنیا بنکەی کارەکە و جێناوێکی لکاو داڕشتنی کارەکە پێك دەهێنن . وەك لە خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە:

یەکەم / بۆ ئێستا: بنکەی کارەکە مۆرفیمی ((هەن))ە . جێناوێکی لکاویش لە دەستەی چوارەم بەشداری لە دروست بوونی کارەکەدا دەکات . بڕوانە یاسای ژمارە ((١٠)).

کاری بوونی هەیی
بۆ ئێستا ←—— هەن(بنکەی (بیەی)بۆ ئێستا + { ا–میْ / ی–دیْ / ø–یْ }

یاسای ژمارە ((١٠))

بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| من هەنا. | ﴿ هەن + ا ﴾ | ((من هەم.)) |
| تو هەنی. | ﴿ هەن + ی ﴾ | ((تۆ هەیت.)) |
| ئادَ هەن. | ﴿ هەن + ø ﴾ | ((ئەو هەیە.–بۆ نێر)) |
| ئادە هەنە. | ﴿ هەن + ø + ە ﴾ | ((ئەو هەیە.–بۆ مێ)) |
| ئیمە هەنمیْ. | ﴿ هەن + میْ ﴾ | ((ئێمە هەین.)) |
| شمە هەندیْ. | ﴿ هەن + دیْ ﴾ | ((ئێوە هەن.)) |
| ئادیْ هەنیْ. | ﴿ هەن + یْ ﴾ | ((ئەوان هەن.)) |

دووەم/بۆ ڕابردوو: بنکەی کاری ((بیەی))لەم داڕشتنەدا ((بیْ))یە . جێناوێکی لکاویش لە دەستەی دووەم هاوبەشی داڕشتنی کارەکە دەکات .بڕوانە یاسای ژمارە ((١١)).

کاری بوونی هەیی

بۆ ڕابردوو ——→ بیْ (بنکەی (بیەی)بۆڕابردوو + { نیْ–نمیْ / نی–ندیْ / ø–نیْ }

یاسای ژمارە ((١١))

بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| من بیْنیْ. | ﴿ بیْ + نیْ ﴾ | ((من هەبووم/بووم.)) |
| تو بیْنی. | ﴿ بیْ + نی ﴾ | ((تۆ هەبوویت/بوویت.)) |
| ئادَ بیْ . | ﴿ بیْ + ø ﴾ | ((ئەو هەبوو /بوو.–بۆ نێر)) |
| ئادە بیْیە. | ﴿ بیْ + یە ﴾ | ((ئەو هەبوو /بوو.–بۆ مێ.)) |
| ئیمە بیْنمیْ . | ﴿ بیْ + نمیْ ﴾ | ((ئێمە هەبووین/بووین.)) |
| شمە بیْندیْ. | ﴿ بیْ + ندیْ ﴾ | ((ئێوە هەبوون/بوون.)) |
| ئادیْ بیْنیْ. | ﴿ بیْ + نیْ ﴾ | ((ئەوان هەبوون /بوون.)) |

سێیەم/بۆ داهاتوو: بنکەی کارەکە مۆرفیمی ((ب))ە ،کە ڕەگی ((بیەی))یەو بە هاوبەشی جێناوێکی لکاو لەدەستەی پێنجەم کارەکە پێك دەهێنن.بڕوانە یاسای ژمارە ((١٢)).

کاری بوونی هەیی بۆ داهاتوو ←── ڕەگی کاری بیەی ((ب)) + { وو–یمیْ / یْ–یدیْ / و–ا }

**یاسای ژمارە ((١٢))**

بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| من بوو. | ﴿ب + وو﴾ | ((من دەبم.)) |
| تو بی . | ﴿ب + ی﴾ | ((تۆ دەبیت.)) |
| ئاد بو. | ﴿ب + و﴾ | ((ئەو دەبێت.–بۆ نێر.)) |
| ئادە بو. | ﴿ب + و﴾ | ((ئەو دەبێت.–بۆ مێ.)) |
| ئێمە بیمیْ. | ﴿ب + یمیْ﴾ | ((ئێمە دەبین.)) |
| شمە بیدیْ. | ﴿ب + یدیْ﴾ | (( ئێوە دەبن.)) |
| ئادیْ با . | ﴿ب + ا﴾ | ((ئەوان دەبن.)) |

## ئەنجام

لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بە کورتی ئەنجامی باسەکە دەخەینە ڕوو:

١- لە زاری هەورامیدا چوار جۆر کاری ((بیەی-بوون)) هەیە:بوونی بوونایەتی،بوونی گۆڕان،بوونی هەبوون،بوونی هەیی.

٢-بوونی بوونایەتی و گۆڕان و هەبوون پێویستیان بە تەواوکەر هەیە .بوونی بوونایەتی و هەبوون تەواوکەریان لە پێش کارەکەوە دێت و بوونی گۆڕان تەواوکەرەکەی لە پاش کارەکەوە دێت .

٣-لە بوونی (هەبوون)دا کارەکە وەك کارێکی ناوێزە دەردەکەوێت ،چونکە بۆ ئێستا و ڕابردوو و داهاتوو، هەریەك دەستە جێناوی لکاوی بکەری ڕستە وەردەگرێت کە دەستەی یەکەمە و جێناوەکەش دەچێتە سەر تەواوکەری ڕستە.

٤-تەنیا دەستەی سێیەمی جێناوەلکاوەکان نەبێت ،هەر چوار دەستە جێناوە لکاوەکانی تر لەو پێنج دەستەیەی کە لە زارەکەدا هەن بەشداری لە داڕشتنی کارەکاندا دەکەن.

٥-لە کاری (بیەی-بوون) بۆ (هەبوون)دا، بۆ ئێستا و ڕابردوو،تەواوکەر بەپێی کەس و ژمارەی خۆی جێناوێکی لکاو دەبەخشێت بە کۆتایی کارەکە.ئەگەر هاتوو تەواوکەریش کرا بە جێناوی لکاو بەکارەوە هەر ئەو جێناوە دەورەکە دەبینێت.

٦-لە بوونی (هەیی)دا کارەکە پێویستی بە تەواوکەر نیيە.

## پەراوێزەکان

١-بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم جێناوە ،بڕوانە:-

-فەرەیدوون عەبدول محەمەد ، چەند لایەنێکی ڕستە سازیی زاری هەورامی ، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین ، ١٩٩٨،١٤ . هەروەها بڕوانە : مهاباد کامل عبدالله ، کار لە کرمانجی خواروو و هەورامیدا، نامەی ماجستێر ، زانکۆی سەلاحەدین ، ١٩٩٦،٥٢ .

٢-ئەم زاراوەیەم لە د.شێرکۆ بابان وەرگرتووە .بڕوانە د. شێرکۆ بابان ، میکانیزمە بنەڕەتیەکانی ڕستەسازیی بوون و هەبوون ، ٧٠ .

٣-محەمەد ئەمین هەورامانی لە کتێبەکەیدا باسی ئەم جۆرەی کاری بوون لە هەورامیدا دەکات ،بەڵام بە بیروڕا و بۆچوونێکی جیاوازەوە .بۆ زانیاری زیاتر ، بڕوانە : محەمەد ئەمین هەورامانی ، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراوردا ، (٢٩٠-٢٩٤ ).

٤- لێرەدا ئاوەڵناوەکە بە دەنگی /ا / کۆتایی هاتووە ، هەر کاتێك لە زاری هەورامیدا دەنگی /ا/و دەنگی /یْ/ کۆبوونەوە ، دەبن بە دەنگی /یّ/ : واتە (زانا+یْ+ن+مێ) دەبێت بە: (زانێنمێ) ، وەك

لەنموونەکاندا هاتووە.بۆ زیاتر ڕوون بوونەوەی ئەم گۆڕانە دەنگی‌یە و تێگەیشتنی دەنگی /ی°/ وەک فۆنیمی سەربەخۆ لە زاری هەورامیدا ،بڕوانە : فەرەیدون عەبدول محەمەد٢٨،٧ (پەڕاوێز).

٥- ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە کارە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی زارەکەدا کەمە .

٦- مەکەنزی و محەمەد ئەمین هەورامانی بەکورتی باسی ئەم جۆرە دارشتنەی کاری ((بیەی-بوون)) یان کردووە و نموونەیان بۆ نووسیوە ، بەڵام بە تەواوی چۆنیەتی کارکردنی کارەکەیان ڕوون نەکردۆتەوە.بڕوانە :47, (1966), Mackenzie هەروەها بڕوانە محەمەد ئەمین هەورامانی ، (٢٩٤-٢٩٩).

٨،٧ – دەکرێت تەواوکەری ڕستەی کاری بیەی بۆ (هەبوون) بکرێت بە جێناوێکی لکاو بە کارەکەوە ، جا کارەکە بۆ ئێستا بێت ، یان ڕابردوو . وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دەبینرێت:

| | | |
|---|---|---|
| هەناش. | هەنمێش. | بۆ ئێستا |
| هەنیش . | هەندێش. | |
| هەنش. | هەنێش. | |
| بێنێش . | بێمێش . | بۆ ڕابردوو |
| بێنێش . | بێندێش . | |
| بێش . | بێنێش . | |

## سەرچاوەکان

١- د. شێکۆ بابان ، میکانیزمە بنەڕەتیەکانی ڕستەسازیی ڕێزمانی بوون و هەبوون ، هەولێر،١٩٩٧ .

٢- فەرەیدوون عەبدول محەمەد ، چەند لایەنێکی ڕستەسازیی زاری هەورامی ، نامەی دکتۆرایە ، زانکۆی سەلاحەدین ، ١٩٩٨ .

٣- محەمەد ئەمین هەورامانی ، زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراوردا ، بەغداد ، ١٩٨١ .

٤- مهاباد کامل عبدالله ، کار لە کرمانجی خواروو و هەورامیدا ، نامەی ماجستێرە ، زانکۆی سەلاحەدین ،١٩٩٦ .

**Mackenzie D.N,(1996) , The Dialect of Awroman (Hawraman --٥ I Luhon).**

## الخلاصة

يتناول هذا البحث موضوع الفعل ((بيەی=بوون))في اللهجة الهورامية ،حيث يستعمل هذا الفعل بأربعة معانٍ مختلفة:

١-الكينونة :

٢-الصيرورة :

٣-التملك :

٤-الوجود :

ويحتاج الفعل في الاستعمالات الثلاثة الأولى إلى (تكملة) تأتي قبل الفعل أو بعده . أما في الاستعمال الرابع، فانه لا يحتاج إلى تكملة. ولكي تكون صيغة الفعل كاملة ،يشارك ضمير متصل شخصي ،من إحدى المجموعات الخمسة الموجودة في اللهجة الهورامية في بناء صيغة الفعل.

تأتي أهمية البحث في انه بحث ميداني يستعرض بشكل وافٍ استعمال هذا الفعل ، حيث يستفاد منه في الدراسات اللغوية المقارنة وللمقارنة بين اللهجات الكردية.

******************

**Summary :**

**This research deals with verb " boon " ( verb to be ) in Al-Hawramya dialect . This verb can be used in for different ways to give four different meanings .**

1. **verb to be .**
2. **verb to become .**
3. **verb to have .**
4. **verb to be ( existence ) .**

**In the first three cases the verb needs a complement to be used before or after it , but in the fourth case it does not need a complement . A personal pronominal suffix is used from one of the five groups in Al-Hawramya dialect as a paradigm of the form of the verb .**

**The importance of this research is that it is a practical guide which illustrates the uses of this verb , which can be benificial to comparative linguistic studies and to comparison bewteen the kurdish dialects .**

**********************